# ( سیڕاتی موستەقیم سیڕاتی عەلمانیەت و حوکمی دیموکراتیە )

**د. سالار باسیره**



لەم نوسینەدا بە 30 خاڵ ریزبەندی کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی و شیکاریم بە گشتی لەسەر ئیسلام و ئیسلامی سیاسی لە کوردستانیشداو مەترسیەکانی خستۆتە ڕوو ، تێیدا ئاماژەم بە وتەو بۆچوونی مەلاو زانایانێکی ئاینی لە کوردستان ، و چەندین سورەتی قورئان داوە.. نوسینەکە دیدێکی ڕەخنەگرانەو شیکاریشەو چەندین پێشنیازو ئامۆژگاریشی لەخۆ گرتوەو بە هیوای هوشیار کردنەوەو هەروەها ببێتە بابەتی وتووێژو دایەلۆگێکی گشتی.. ناونیشانی بابەتەکەشم بەو شێوەیە داناوە چونکە تەواوی ئیسلامە سیاسیەکان ئەوەی وەك ئەوان بیرنەکەنەوە لای ئەوانە لە ڕێگای ڕاست و موستەقیم لایانداوە، کە بیرکردنەوەو تێڕوانینێکی تۆتالیتێرو دەمارگیرانەو سەلەفیانەیە. جگە لە تێگەیشتنێك بۆ بیری عەلمانیەت ، لە نوسینەکەدا داوا لە ئیسلامیەکان کراوە شۆڕشێکی فکری لە خۆیاندا بکەن و بێنە سەر ڕێگای ڕاست ، ڕێگای سیڕاتی موستەقیم و عەلمانیەت و پێشکەوتن و شارستانیەت و دیموکراسیەت و فکری کۆمەڵگای مەدەنی و فرەیی و ئازادی تاك ... سوودیش لە یاسا نوێکەی کانتۆنی جەزیرەش وەربگرن بۆ یەکسانی.

1) بوونە مرۆڤێك بە دیندار بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە پەروەردەی خێزان و وانەی ئاینی و بیئەی دەوروبەر هەیەو دەکرێ لە تەمەنێکی منداڵیەوە کاریگەریی خۆی دروست بکات و ببێتە فکر لە مێشك و دەروونی مرۆڤەکەدا کە درەنگانێك کاریگەریی خۆی دروستدەکات و ڕاستکردنەوەشی کارێکی هەمیشە ئاسان نیە ، هەروەها پەیوەندی بە باری جوگرافیشەوە هەیە. بۆنمونە کەسێك لە وڵاتێکی مەسیحی هاتبێتە دونیاوە ئەوا وەك مەسیحی تۆمار دەکرێت، لە خێزانێکی یەهود وەك یەهودی ، لە وڵاتێکی ئیسلامی وەك موسوڵمان تۆمار

دەکرێت .. تاد. گۆرینی فکر دواتر کەوتۆتە سەر ڕۆشنبیریی کەسەکە خۆی و هوشیاری کۆمەڵگا بە گشتی.

2) زۆرێك لە موسولمانان هەن لە دونیادا بونەتە مەسیحی و پێچەوانەکەشی هەیەو ئەوە دیاردەیەکی ئاساییە... ئەگەر ڕۆژئاواییەك بووە موسولمان ئەوە ناگەیەنێت ئەو کەسە لە ئاینەکە گەیشتبێت و هەروەها بە پێچەوانەشەوە ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێك بێت و بە قەناعەتیشەوە چوبێتە سەر ئەو ئاینەی تر .. زۆر جاریش باس لە ملیاردێك موسولمان دەکرێت لە جیهاندا بەلام ئەو ئامارە تەنیا لە ڕووی تیۆریەوە ڕاستە چونکە تاکەکان لە ناو کۆمەلگایەکی ئیسلامدا ڕاستەوخۆ بە موسولمان تۆمار دەکرێت لەسەر ناسنامە بەلام زۆرترین ژمارەی موسولمانان پابەند نین بە ئاینەکەیانەوە.

3) ئیسلامیەکان ئاماژە بە چەندین کەسانی ناودار دەدەن کە باش لەسەر محەمەدو ئیسلام قسەیان کردوە ، لە لایەکەوە ئەو کەسە لەوانەیە ئەکادیمیست و زانایەك بێت بەلام مەرج نیە جیهانبینی ئەو کەسە ژیرانەو تەندروست بێت و تەنیا بۆچوونی کەسانێکەو هیچیتر بەلام نمونەی پێچەوانەکەشی زۆرن.. دەشکرێ بۆنمونە ئاماژە بە زانای نۆبلی فیزیای بەریتانی بدەین **Stephen Hawking** ئەمڕۆکە وەك ئاینشتاینی سەردەم ناودەبرێ کە زانستانە بوونی خودایەك بە تێڕوانینی ئاین بە درۆ دەخاتەوە ، پشت بەستن بە زانست گرنگترە وەك بە ئەفسانەو وەهم و لێکدانەوەی نازانستیانە. کتێبە نوێکەشی تەرجەمەی زمانی کوردی کراوە بە ناوی "دیزاینی مەزن" ، بەلام بڕواناکەم ئیسلامە سیاسیەکان ئەم شتانە بخوێننەوە.

4) سەبارەت بە دەسەلاتی کوردی ، ئیسلامیەکان بەردەوام بەئاشکراو بە نهێنی لە هێرشدان.. منیش سەرنجی زۆرم هەیە لەسەر دەسەلاتی سیاسی لە هەرێم و جێگای ڕەخنەمە بەلام ئیسلامی سیاسیش بەدیل نیەو بۆ ئەوەش وەلام هەیە بۆچی؟ شەریعەکەی ئەوان لەگەل ژیان و ژیانی هاوچەرخ و بەها ئەخلاقی و ئازادیەکانی مرۆڤ و زانست و مافەکانی مرۆڤ ناکۆکە. فەسادی ئەخلاقی لە ناو کۆمەلگا ئیسلامیەکان لەوانەیە هیچی کەمتر نەبێت وەك لەوەی ناو کۆمەلگا مەسیحیەکان ، تەنیا جیاوازی ئەوەیە لە ناو کۆمەلگا ئیسلامیەکان شاراوەو تابوە بەلام لە نێو کۆمەلگا مەسیحیەکاندا زۆرتر کراوەیە هەرچەندە بە یاسا سنور بۆ دیاردە ئەخلاقیەکان دانراوە کە لە دەرەوەی نەریتی مرۆڤایەتی بن.

5) لەناو هەناوی ئیسلامیزمدا بزوتنەوەیەکی جیهادیی تۆتالیتێر سەری هەلداوە کە جێگای مەترسیە بۆ سەر ئاشتی کۆمەلگا ، کە دەیەوێت بە ڕێگای زەبروزەنگ و تیرۆرەوەو دژ بە دیموکراسیەت و عەلمانیەت خەلافەتێکی ئیسلامی و دەولەتی خودا دروست بکات. ئەو تۆتالیتاریزمە نوێیە ئیسلامیە جەنگێکی نوێی لەگەل خۆیدا هێناوەتە کایەوەو پێداگریی لەسەر فەرمانڕەوایەتیەکی خودایی تۆتالیتێر دەکات. هەر سیستەمێکی سیاسی لەسەر بنەمای ئاین و مەزهەب دروستبوبێت هەرگیز نابێتە ئالتەرناتیڤ و مۆدێلێکی تەندروست و ئەقلانی بۆ کۆمەلگا. لایەنێك تەنها کاتێك دەتوانێت تاکڕەوانە فەرمانڕەوایی دەولەت بکات کە ببێتە دیکتاتۆرێکی موتلەق. بە ڕای من ئایندەی دەولەتی عێراقیش ئایندەی ناکۆکی و ململانێی توندی نێوان هێزە دیموکرات و عەلمانیەکان و ئیسلامی سیاسیی دەبێت و دەبێتە بابەتی سیستەمی سیاسی عێراقی ئایندە. ئێمەی کوردیش بەدەر نین لێی. ئەوەی کۆمەلگا پێویستی پێیەتی سیستەم و دەستورێکی دیموکراسی تەندروست و ئەقلانیە ، کۆمەلگای مەدەنی و ئازادی تاکە کە تێیدا جێگای سەرجەم چین و توێژە کۆمەلایەتیەکان بە ئاین و کەلتور و ئەتنیکە جیاوازەکانەوە ببێتەوە.

6) ئەگەر هەرێمی کوردستان بەنمونە بهێنمەوە کۆمەلگاکەمان بەلێ بە گشتی و زۆرینە موسولمانە بەلام لایەنە ئیسلامیەکان بەپێی هەلبژاردنەکان تەنیا 19٪ی دەنگەکانیان هێناوە لە هەرێم کەواتە تەنیا نوێنەرایەتی ئەو ڕێژە کەمە دەکەن ، ئەوە دەبەخشێت کە زۆرینەی خەلکیی لە هەرێم ئیسلامیەکانی وەك دەسەلاتێکی سیاسی لاپەسەند نیە. ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لە لایەکەوە بەرهەمی هەندێ لە دەولەتە ئیسلامیەکانە بۆ دوژمنایەتی کردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی و ڕێگاگرتن لە دروستبوونی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان. هەروەها بەهۆی شەڕی ناوخۆی کوردستانەوە گەشەیان کردووەو بەهێزبوون. بۆ دژایەتی کردنی یەکتر یەکێتی و پارتی هەریەکەو کۆمەکی هەندێك لایەنی ئیسلامیی دەکردو ئیسلامیەکانیش هەردولایان بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکارهێنا. خالێکی تر بەهۆی ئەو پاشاگەردانیەی ناونراوە ئازادیی بیروڕا لە هەرێم ، ئیسلامیەکان تێیدا گەشەیان کردوەو جەماوەرێکی بەرچاویان بۆ خۆیان دروستکردوە. قەناعەتم وایە گەر دەرفەتیان بۆ بێتە پیش خۆیان پڕچەکیش بکەن و دەبنە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ کوردستان و هەمان ئەزمونەکانی ئێران و ئەفگانستانی سەردەمی پڕ لە کارەساتی تالیبان دوبارە بنەوەو

تێکەڵی ژیانی تایبەتی تاکەکان و دامەزراوە کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگەکانیش ... دەبن.



**ئایا گوناهی ئەم منداله چیه لەم تەمەنه ناکاملەوه توشی ئەم کارەساته بکرێت؟**

7) بەپێی ڕاستیه مێژووییەکان موحەمەد وەك کەسێکی بەدەوی ، نەخوێندەوار بووەو کەسانی تر سورەتەکانیان بۆ نوسیوەتەوەو دوای مردنی خۆی کۆکراوەتەوە لەوانەیه بە دەستکاریشەوە ... بۆ ئەوەش لێکۆلینەوە هەیه بە بەلگەی مێژووییەوە بۆنمونه له کتێبەکەی عەلی دەشتی و زۆرێکی کەش ، بەلام محەمەد بۆ ئەو قۆناغه مێژویی و کۆمەلایەتیه پیاوێکی تێگەیشتوو بووە. لە هەمان کاتدا که موحەمەد به ڕێنوێنیه جوانەکانی هەولدەدات میللەتەکەی ڕێنوێنی بکات و هەموو جۆره ڕۆحانیەتێکی له زار دێته دەر ، بەلام ناکرێت قورئان لە باری دەستوره ئەخلاقیەکانەوە بە موعجیزه دابنرێت. محەمەد گێڕەرەوەی نەریتێکه که مرۆڤایەتی پێش چەندین سەدە له هەموو جێگایەکدا گوتویەتی. بودا ، کۆنفۆشیۆس ، زەردەشت ، سۆقرات ، عیسی و موساو زۆر کەسانی تر لەم پرەنسیپانەیان گوتوە. کەواته ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها هەر ئەو حوکم و یاسایانەیه که شەریعەتی ئیسلام هێناویەتی.

8) هاتنە خوارەوەی قورئان بۆ محەمەدو بەو شێوە ریوایەی قورئان باسی دەکات دەبێت ئەفسانەو دروستکراوی محەمەد خۆی بێت چونکە شتێکە لەگەڵ زانست و ئەقل و مەنتقدا ناگونجێت. محەمەد بە پێی پێویست لە کاتی جەنگ و ئاشتی و مەسەلەی ژن و تاد. سورەتی داڕشتوەو کردویەتی بە ناوی خوداوە بۆ ئەوەی خەلکی جاهیلی ئەو زەمەنە بڕوای پێ بکەن چونکە محەمەد مرۆڤ بووە ، کەواتە فێل کردن و سیاسەت کردنی تێدا بووە ...

9) کۆچی محەمەد بۆ مەدینە دەسپێکی گۆڕانێکی گەورە بوو لە چارەنوسی نەتەوەی عەرەبدا ، بەلام ئەم گۆڕانە ئەنجامی گۆڕانکاریەکی سەیرو سەمەرەیە کە لە کەسایەتی محەمەددا دەرکەوتوەو شیاوی ئەوەیە بکەوێتە ژێر لێکۆلینەوەی دەروونناسان و زانایان و پشکێنەرانی نهێنیەکانی ڕۆحی مرۆڤ. محەمەد پیاوێکی لە خودا ترس و دوور لە خراپەکاری و زاهیدێکی سەردەمەکەی خۆی و میللەتەکەی بۆ پەرستنی خودا بانگهێشت دەکرد ، پیاوێکی ئاوا کە ڕەوشتی مەسیحی بە تەواوی لە خۆیدا بەرجەستە کردووە کەچی لەپڕو ناکاو دەبێتە شەڕخوازێکی سەرسەخت و بێ لێبوردن دەیەوێت ئاینی خۆی بە زۆرو زەبری شمشێر بسەپێنێت. بەم شێوەیە ئیسلام بەرەبەرە لە شێوەی بانگەوازێکی تەواو و ڕۆحانیەوە بوو بە دەزگایەکی شەڕانی و تۆلەئەستێن کە بە هێرشی کتوپڕ بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت گەشەی کردو کاروبارە داراییەکەی لەسەر زەکات و باج و بارمتە هەلدەسوڕا. چەند نمونەیەکی لەم جۆرە کە لە سورەتی (التوبە)دا هەیە ئەوە دەگەیەنێت کە مەبەستی محەمەد پێکهاتنی دەولەتێکی یەکگرتوی عەرەبە لەژێر ناوی ئیسلامدا. گرتنەبەری رێوشوێنی سەخت و بەکارهێنانی توندوتیژی و زەبروزەنگ بۆ دەستەمۆ کردنی ئەو خەلکانەیە کە هەر لەم سورەتەدا ئاماژەیان پێکراوە.

ئەگەر کەسێك بیەوێت محەمەد لە بەرگی پێغەمبەریدا ببینێت ، بەناچاری دەبێت سورەتەکانی مەکیی و بە تایبەت سورەتەکانی وەك (موئمنین و نجم) بخوێنێتەوە ، کە ڕۆحیانەتی مەسیح بە شێوەیەکی زەق و ڕوون لە ئایەتەکاندا دەبینرێت. بەلام ئەگەر کەسێك بیەوێت محەمەد لەسەر کورسی دەسەلات و یاسادانان ببینێت ئەوا دەبێت پەنا بباتە بەر سورەتە مەدەنیەکانی وەك (بقرەو النساء) و بە تایبەت سورەتی (نور). سێ چوار سال پاش هیجرەت و بە تایبەتی

لە دوای پاككردنەوەی مەدینە لە یەهوود وسەركوتكردنی (بنی مصطلق) شوێنەواری میرایەتی چ لە فەرمانەكان و چ لە ڕەفتاری خودی محەمەدیشدا خۆی دەنوێنێت.

10) پێویستیەكانی سەردەم وا دەخوازن قورئان ریفۆرم بكرێت وەك ئینجیل لەگەل سەردەمدا بگونجێندرێت چونكە هەموو ئەوانە مرۆڤ نوسیویانەو بۆ قۆناغێكی كۆنی مێژو، و كۆمەلایەتی بووە ، بەلام ڕۆژگارێك ئاڕاستەكانی ژیان و هوشیاری مرۆڤەكان ئەگۆڕدرێن و ئاین پێگەی لاواز دەبێت وەك لە ڕۆژئاوا تێبینی دەكرێت. ئەگەر بریار لای من بێت ئەوا وانەی ئاین لە قوتابخانەكاندا نەخوێندرێت بەلكو تەنیا مێژووی ئاین بخوێندرێت ، بۆ ئاشنابوون بە هی ئاینە جیاوازەكانیش ، لە بری ئەوە زۆرتر بایەخ بە وانەو بوارە زانستیەكان و مێژوی نەتەوەیی بدرێت ، هەروەها گۆرینی زاراوەی سەوابتی ئیسلام لە دەستوری هەرێمداو سوودیش لە یاسا نوێكەی كانتۆنی جەزیرە وەربگیرێت سەبارەت بە یەكسانی.

11) بە چاو خشانێك بە كتێبەكانی پەروەردەی ئیسلامی لە هەرێمی كوردستان بۆ پۆلی یەكەمی بنەڕەتی تا دەگاتە پۆلی دوازدەی ئامادەیی بە ڕوونی دەبینرێت چۆن ئیسلامی و سەلەفیەكان دەستیان خستۆتە نێو مینهاجی خوێندنی قوتابخانەكانی كوردستان و لەوێوە دەیانەوێت مندالانی كوردستان بكەن بە ئیسلامیی لە لایەك و كەسێكی ڕەهاگەراو قەبولنەكەر بۆ ئەوانی تر لە لایەكی دیكە. بەرپرسی یەكەم لە بە سیاسی كردن و بە ئیسلامی كردنی مندالان لە قوتابخانەكان ئیسلامیەكان و سەلەفیەكان نین بەڵكو وەزارەتی پەروەردەو وەزیری پەروەردەو سەرۆكی حكومەت و سەرۆكی هەرێمن كە بەرپرسیارێتی یەكەمیان لەم كارە قێزەون و كارەسات ئامێزە دەكەوێتە ئەستۆ. بەشێكی زۆر لە كتێبەكانی پەروەردەی ئیسلامی هەر لە پۆلی یەكەمی بنەڕەتیەوە تا دوازدەی ئامادەیی تەرخانكراون بۆئەوەی وا نیشان بدرێت كە ئاینی ئیسلام ئاینێكی سیاسیە، واتە ئیسلام لە توێی كتێبەكانی قوتابخانە نەك وەك ئاین نیشاندراوە بەلكو وەك ئادیۆلۆژیایەكی سیاسی بە خوێندكاران ناسێنراوە... لە كتێبی پەروەردەی ئیسلامی بۆ پۆلی دوازدەی ئامادەیی لە هەرێمی كوردستان پێغەمبەر كراوە بە سەركردەیەكی سیاسی و سەربازی. ئەوەش دیسان هەمان ئەو ئارگومێنتانەیە كە كەسانی وەك قەرەزاوی و ئیسلامیەكان بەكاریان دێنن بۆ ئەوەی سوبغەیەكی سیاسی بدرێت بە ئاینی ئیسلام. بە موسوڵمان كردنی خوێندكار واتە كردنی قوتابخانە بە مزگەوت. ئەوەی زۆر بە زەقی لە تەواوی كتێبەكان بەرچاو دەكەوێت ئەوەیە كە دەق و چیرۆكەكانی كتێبەكان

بە مەبەستی ئاشنا کردنی خوێندکار بە ئاینی ئیسلام نەنوسراوە بەلکو بە مەبەستی بە موسوڵمان کردنی منداڵەکان نوسراون. لێرەدا لە وانەی پەروەردەی ئیسلامی خوێندکاران وەك کەسێك پەروەردە ناکرێت کە قەبولی ڕەخنە بکات چونکە ئەوانەی ڕەخنە دەگرن "نەیارن" نەك کەسانێك بن کە تێگەیشتنێکی دیکەیان بۆ ئیسلام یان ژیان هەبێت. (بۆ خالی 11 ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وتارێکی د.شێرکۆ کرمانج ، ئاوێنە ، 10ی کانونی یەکەم).

12) مێژووی ئیسلام مێژوی دەسەلات و سیاسەت بوەو ئاین بۆ سیاسەت بەکار هێنراوە.
ئەو ناکۆکی و ململانێ و شەڕەی نێوان شیعەو سوونئە لە ١٣٥٠ ساڵی ڕابردوودا ، لە بنەڕەتداو لە سەرەتادا ناکۆکی ململانێ بووە لەسەر دەسەڵات ، لە کوشتنی خەلیفەی سێیەمەوە دەست پێدەکات و دواتر لە شەری جەمەل لە بەسرەو لەشەری صفین کە لە هەدووکیاندا عەلی کوری ئەبی تاڵیب لایەنێکی سەرەکی شەرەکە بوو ، ناکۆکیەکە بەتەواویی تەقیەوەو بووە هۆی سێپارچە بووونی موسوڵمانان ؛ یەکەم سوونەکان بە سەرکردایەتی معاویەی کوری ئەبوسفیان ، دووەم شیعە بەسەرکردایەتی حسێنی کوری عەلی ، سێیەم بریتین لە خەواریجەکان کە لە لەشکرەکەی عەلی جیابوونەوەو عەلیشیان لە کوفە کوشت. ئەو شەرو ناکۆکیانە بۆ هێنانەدی ئامانجی سیاسی بووە ؛ ئەویش گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردن و دەسەڵات و ڕابەرایەتی ئاییبی ئیسلام. کەواتە ئیسلام حیزبایەتی و سیاسەتی کردوەو لە خەمی دەسەلاتدا بووە ، ئیسلامە سیاسیەکان کە کار لەسەر بە ئیسلامی کردنی کۆمەلگا دەکەن تەنیا بۆ ئەم مەبەستەیە گەرنا چ پێویستیەکیان بە دروستکردنی حیزبی سیاسی هەیە؟ ئەوانەشی بە خۆیان دەڵێن ئیسلامی میانڕەو بەلام ئەو کاتەی برِوایان بە شەریعەو کردنی بە دەستور هەبێت لە دەولەتەدا جیتر تراژیدیاکە لێرەشەوە دەست پێدەکات ...

13) مۆدێلی ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی لە مێژووی خۆیدا سەرکەوتو نەبوەو لە هەر شوێنێك ئەم ئاینە دەسەلات و دەولەت بوبێت پێشیل کردنی مافەکانی مرۆڤ تێیدا هەبووەو نادادپەروەرانە مامەلەی ڕەگەزی مێینەشی کردوە ، هەروەها دەسەلات مەرکەزی بووە ، مەرکەزیەتیش لەگەل دیموکراسیەتدا نەگونجاوە ، ئیسلام لەو 1400 سالەدا ئەمڕۆشی لەسەر بێت نەیتوانیوە شتێکی نوێ بۆ مرۆڤایەتی بهێنێت. ئێستە لەگەل سەردەمی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتن و جیهانگیری و مەعریفەو داهێنان و زانست و پێشکەوتنی بواری ئابوری و کۆمەلایەتی و شارستانیەت هوشیاری کۆمەلایەتیش گەشەی کردوەو ئاین لەگەل خۆیدا ڕادەمالێت بەتاییبەت کە ئاین بە ئیسلامیشەوە ناتوانێت ببێتە سیستەمێکی ئابوری و کۆمەلایەتی سەردەم. پێش دە سال ئەورووپیەکان مەرکەبێکی بچکۆلەی پشکنینیان بۆ نیازکێك

ناردوه که 6.4 ملیۆن کم دووره له زەویەوەو لەسەر ئەو نیازکه بچووکه نیشتەوه که ڕوبەرەکەی تەنها چوار کم دوجایه بۆ لێکۆلینەوه له کەون و زەوی ...تاد. ئەوەیه پێشکەوتن کەچی تازه به تازه مەلاکان و بەناو زانا ئاینیەکانی لای ئێمه که زانست له هەگبەکەیاندا نیه سەرقالی به گەوج کردنی گەنجەکانمانن به ناوی ئاینەوەو له خەمی دروسستکردنی دەولەت و خەلافەتی ئیسلامین... ئەوه چ کارەساتێکه؟ ڕۆژئاواو هاوشێوەکانی به تەکنەلۆژیاو زانست و مەعریفه دونیایان داگیر کردوەو یەکێتیەکیان دروستکردوه کەچی بەو هەموو دەولەته ئیسلامیانەوه نەك هەر یەکێتیەکی ئابوری و ئەمنییان نیه بەلکو لەسەر دەسەلات و چاوچنۆکی وەك گورگ کەوتونەته گیانی یەکترو گەلەکانیشیان دوچاری کوێرەوەری و میحنەت کردوه. ئەو چەکانەش که یەکتری پێدەکوژن له دەولەته مەسیحیەکانی دەکڕن که ئیسلامیەکان به دارالکفر و کۆمەلگاکانی بەربەرەلا نێویان دەبەن.

14) خۆ ئەگەر هەندێك له ئاینەکانی تر توانیبێتیان ڕێپیشاندەرێکی باش بووبن بۆ کۆمەلگاو نوێگەرییان کردبێت بەلام ئیسلام ئەوەشی نەتوانیوه بکات و ڕێنسانسێکیش له نێو ئیسلامدا ڕووی نەداوه وەك ئەوەی له نێو ئاینی مەسیحیدا ڕوویداوه. ئەگەر بگەڕێینەوه بۆ مێژووی ڕابوردوی ئەوروپا دەبینین به ناوی خواو پەیامی مەسیحییەوه داگیرکردن و جەنگ و توندوتیژی گەیەنراوەته ئەمریکای لاتین و ئەفەریقاش و ئاین و زمانی ڕەچەلەکی خۆیان لێ زەوت کردن و ئاینی مەسیحییان بەزۆر بەسەردا سەپاندن. ئەوه هەرچەنده پەیامی مەسیح بریتی بووه له چاکسازی. مەسیحیەکان لەو سەردەمەدا کۆمەلکوژی و قەتل و عامی کردوەو جەنگی مەزهەبیشیان له دژی یەکتر ئەنجامداوه ، باجیان سەندوەو سوپای چەکداریان هەبووەو کەنیسه دەسەلات بووه بۆ خۆی. بەلام زانایەکی ئاینیی ئەلمانی به ناوی مارتین لۆتەر پەیدا بوو که به چاوی ڕەخنەوه له ئینجیل و تێزەکانی دەیڕوانی و دواتر ڕۆلێکی گرنگی بینی له به ریفۆرم کردنی ئینجیل و ئاینەکەو 95 تێزی چاکسازی بلاو دەکاتەوەو له کۆڕو کۆبونەوەکاندا دژی پاپاکانی ڕۆم هەلوێست دەردەبڕێت. ئەمڕۆکه ئەم ئاینه ئاڕاستەیەکی تری ئیجابی به خۆیەوه گرتوەو بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی و عەلمانی تر هاتنه گۆڕێ و سنوری بۆ دەسەلاتی کەنیسه داناو دین و دەولەت له یەکتر جودا کرانەوەو مۆدێرنتر بووەو

لانیکەم لە تەواوی ڕۆژئاوا جەنگ و توندوتیژی نێوان مەزهەبەکان ڕابوردووە. بەلام ڕێنسانسێك و مارتین لۆتەرێك لەنێو ئیسلامدا دروست نەبووەو هێشتا بە فکرو ڕەفتار هەر لە سەدەکانی ڕابوردا گوزەر دەکات. ئاینی بودا کە ئاینێکی ئاسمانیی نیەو هەلگری تەنیا فەلسەفەی ئاشتیە، خاوەن زاناو کەسایەتیەکی نێودەولەتی وەك دەلەیلامایە ، کەسایەتیەکی لەم جۆرەش لە نێو ئیسلامدا نیە.

15) ئەو ولاتەی ئێمەش وەك زۆرێکی تر بە حوکمی فتوحاتەکانی عەرەبی ئیسلامی و بە حوکمی شمشێر داگیر کراوەو بە زۆر کراوەتە ئیسلام. فتوحاتی ئیسلامی واتە داگیرکاری و تالانچێتی ولات و سامانی گەلانی دیکە بە ناوی خوداو ئیسلامی عەرەبیەوە. بەلام ئەوە هیچ پەیوەندیەکی بە خودا پەرستیەوە نەبووە. ڕاستیە مێژوییەکان نیشانیانداوە بۆ عروبەچێتی و داگیرکاری بووە بە ناوی ئاینەوە ئیتر ئێمەی کورد چ پەیوەندیەکمان بەو ئاینەوە هەیە. لە ڕاستیدا عەرەب جگە لە داگیرکردن و تالانکردنمان چیتر هیچ شتێکی نوێیان بۆ ئێمە پێنەبووە. قورئان لە سەردەمی عوسماندا کۆکراوەتەوە بەلام فتوحاتی ئیسلامی و لەشکری عەرەب بەناوی ئیسلامەوە لەسەردەمی عومەردا بووە ، بەواتا ئەو لەشکرە عەرەبە داگیرکەرەی کە گوایە هاتوون کوردستان ڕزگار بکەن و گوایە کورد بکەن بە موسولمان ئەوە لە کاتێکدا ئەو لەشکرە خۆیان بۆ ئەو قۆناغە مێژوییە هیچیان قورئانیان نەبینیوەو هەر نەشیانزانیوە قورئان و ئیسلام چیە. تەنها بۆ داگیرکردن و دزی و تالانچێتی هاتوون. ئەو دیاردە مێژوییە ڕاستی کەلتوری توندوتیژی و کەلتوری تالانچێتی عەرەبمان نیشان ئەدات لە مێژوی خۆیدا. کۆمەلکوژیەکانی ئەنفال نمونەیەکی بەرچاوە. دیارە ڕژێمی بەعس گەلەکەی خۆی باش ناسیوە بەو واتایەی لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالدا بوترێ سەریان بۆ ئێمەو مال و سامانیان بۆ ئێوە ، بە کۆیلە کردن و فرۆشتنی ژمارەیەك لە مندالانی ئەنفال بە دەرەوەش وەك دەستکەوتی جەنگ بینراوە. کەواتە عەرەب ئەگەر عێراقیش بەنمونە بهێنینەوە هەر هێشتا دیوێکی بەدەویەو کەلتوری بەدەویش ڕوونە چۆنە. لێرەدا پێویستە کورد لە مێژووی خۆی و لە مێژووی عەرەب و ئیسلامیش تێبگات و لە نوێوە پێداچونەوەو نوسینەوەی بۆ بکات.

16) مەلا فاتیح شارستانی ئەو مەلایەی ، مەلا کامەران ع. خوارەحم لە نامەیەکیدا بۆ من ستایشی دەکات لە گرتە ڤیدیۆیەکدا دەیوت "ئینسان کە لە خوا غافل بوو لە دڕندەو ئاژەل کەمترە" یان ئەوەیە ئیسلامیەکان بەو هەلوێست وەرنەگرتنەیان لێی ڕەزامەندن بەو سوکایەتی پێکردنە بە کۆمەلگاو بەوانەش کە مەلا کامەران لە لاپەڕەی فەیس بووکیداو لە نامەکەیدا بۆ من بە عەلمانی داعش نێوی بردوون. لە گرتە ڤیدیۆیەکی تردا مەلا فاتیح دەلێت " ژنان دەبێت ببنە کۆیلەی پیاوەکانیان بۆئەوەی لای پیاوەکانیان ڕێزیان لێبگیرێت ...تاد.". ئەم قسانە لە ولاتێکی پێشکەوتووی هوشیاردا لە زاری قەشەیەکەوە بکرێت نەك هەر لەلایەن ژنانیشەوە ریسوا دەکرێت بەلکو خۆی لەنێو قەفەسی دادگادا دەبینێتەوە. سەرجەم مەلاکان و "زانا ئاینیەکان" بە کوردو ناکوردەوە بەم ئەقلیەتە دەدوێن و بیردەکەنەوە. ئەوە چ سوکایەتیەکە ئەوانە بە ئافرەتان و مرۆڤەکانی دەکەن؟ ئایا بەم ئەقلیەتە دەیانەوێ ببنە بەدیل بۆ دەسەلات؟

هەروەها ئەمیری کۆمەلی ئیسلامی لە کەنالی (ئێن ئار تی) یەوە دەیوت تەنیا ئەوانە شەهیدن کە لە پێناوی خودا دەکوژرێن ، ئەوە چ سوکایەتیەکە بە شەهیدەکانمان دەکرێت کە لە پێناوی گەل و نیشتیماندا گیانی خۆیان بەخت کردوە دژی چەتەکانی داعشیش کە ئیسلامیەکان لە زاریانەوە نابیسترێت وەك تیرۆریست نێویان بەرن و بە هەزارانیان بڕۆنە سەر شەقامەکان لە دژی داعش خۆپیشاندان بکەن. بەلێ داعش قوتابخانەیەکی بەهێزی ناو ئیسلامی سیاسیە. لێرەدا کە ئاماژەم بە داعش داوە هاوشێوەی داعش لە سەردەمی سەحابەوە هەتا ئەمڕۆکە هەبوەو نکۆلی کردن لێی نایسرێتەوە. لێرەدا داعش لەناو ئیسلامدایەو خوێندنەوەیەکی تایبەتە بۆ ئیسلام و لە پەنای ئایەت و حەدیس و وتەکانی زانایانی ئایندا شەرعیەت وەردەگرێت و گەشەی کردوەو درێژە بە بوونی خۆی ئەدات.

لە نێوان هەر چەند دێر قسەیەکدا ئەوانە ئایەتێکی قورئان و حەدیس دەهێننەوە ، ئایا ناکرێت خۆشیان خاوەنی لێکدانەوەو فکرو وتەی خۆیان بن و بەرامبەر بە زۆرێك لە ئایەتە ناتەندروستەکانی قورئان ڕەخنە گرانە بوەستنەوە؟ بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە داب و نەریت و کەلتوری عەرەب زۆرێك لە داب و نەریت و بەهاو کەلتوری کوردەواری لاواز کردوە. لە قوتابخانەیەکی چۆمان لە پۆلێکدا لە 38 خوێندکار 37ی محەمەدی ناوە. دەولەتانێکی

ئیسلامی هەن کە بۆ بەرژەوەندی سیاسی نوخبەیەك مەبەستیانە کۆمەلگاکەی ئێمەش بکەنە ئیسلامی عەرەبی و حیزبە سیاسیە ئیسلامیە کوردیەکانیش بوونەتە ئامراز بۆ ئەم ئامانجە. یەکێك لە کێشەکان بۆ دروستبوونی دیاردەکە لاوازی لایەنە دیموکرات و عەلمانی و ڕۆشنبیرەکانە نەك هەر لە کوردستاندا بەلکو لە تەواوی ناوچەکەدا بەدی دەکرێت. لێرەدا پێویست بوون بە بناغەیەکی فکریی هەیە کە لە ئەقلانیەتەوە سەرچاوەی گرتبێت و پشت بە عەلمانیەت ببەستێت بەلام تائێستە ئەم بناغە فکریە ئەقلانیە وەك پێویست بەردەست نیە.




17) لە ڕۆژئاواش ئاین هەیە بەلام بە تەقدیس نەکراوە وەك ئیسلام لای خۆمان. لە ڕۆژئاوا ئەحزابی ئاینییش هەیە بەلام کۆمەلگاکە فرەیی و پلورالیستیەو دین و دەولەت لە یەکتر جودا کراوەتەوەو دەستوری تەندروست هەیە کە جێگای هەموانی تێدا بێتەوە ، نەك وەك ئیسلامیەکان کە دەیانەوێ تەنیا شەرع بکەنە دەستور بۆ کۆمەلگا کە دونیایەك ناعەدالەتی تێدایە، ئەو کاتە مافی هەموو ئەوانەشی تێدا دەخورێت کە وەك ئەوانە بیرناکەنەوە. ئیسلامیەکان نابێت دونیا لەگەل ئاینەکەیاندا بگونجێنن بەلکو دەبێت خۆیان لەگەل دونیادا بگونجێنن گەرنا چارەنوسیان وەك ئەوەی داعشی لێبەسەر دێت.. ئەوەندەی ئیسلامیەکان لە

دەسەلاتدا نین باس لە دیموکراسیەت دەکەن ، ڕۆژگارێك بگەنە دەسەلات دلنیام دەبنە دیکتاتۆرێکی موتلەق چونکە سروشتی ئیسلامی سیاسی بەو جۆرەیە. ئەوان دەیانەوێ ئەو کەشوهەوا تاڕادەیەك دیموکراسیەی ولاتەکەمان لە هەرێمی کوردستان بەکار بهێنن بۆ خۆ دروستکردن و گەیشتن بە دەسەلات بەلام ئەو کاتە دلنیام دیموکراسیەت لەناو دەبەن و دیکتاتۆریەت و دەسەلاتێکی ئاینی تۆتالیتێر لە جێگاکەی دروستدەکەن و دەماگێرنەوە بۆ تاریکاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و پێشتریش ، ڕەفتارەکانی تالیبان و القاعیدەو داعش و جبهە النصرەو ...تاد. تەنیا چەند نمونەیەکی کەمن بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونە.

18) هەندێك لە لێکۆلەرانی ئەندێشەمەندی عەرەب ، ئیسلام بە ڕوداوێکی ناوچەیی دەزانن و زۆربەی حوکم و بریارەکانیان داوەتە بەر ڕەخنەو پێیان وایە کە لەگەل کۆمەلگە پێشکەوتوەکاندا ناسازو نەگونجاوە. بۆنمونە دەلێن: لە شەوو ڕۆژێکدا پێنج جار دەستنوێژگرتن و هەلسان بۆ نوێژو بۆ هەر نوێژێکیش ڕوو کردنە مزگەوتێك ، یان دانانی مانگە قەمەریەکان بە پێوەری سال و مانگێکی بە ڕۆژو بوون ، واتە: لە بەیانیەوە هەتا ئێوارەو دورکەوتنەوە لە هەر جۆرە هەلسوکەوتێکی تری ژیان. ئەویش بە پانی و فراوانی جوگرافیای زەوی لە ڕۆژەکان لە هەندێك ولاتدا دەگەنە بیست سەعات و لە هەندێکی تردا چوار سەعاتەو لە زۆر شوێن هەرگیز ڕۆژئاوا نابێت ، نیشانی ئەدات کە دانەری "ڕۆژو" تەنها ژینگەی حیجاز ، ئەویش حیجازی سەدەی حەوتەمی زاینیی کردۆتە پێوەرو ئاگای لە شوێنەکانی تری دنیا نەبووە.

19) هەموو ئەو مەعریفەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتوانەی ولاتە ئیسلامیەکان بەکاری دەهێنن بە پلەی یەکەم بەرهەمی ڕۆژئاوان بەواتا هی مەسیحیەکانە ، لە کاتێکدا ئەوانە سەرقالی پێشکەوتن و داهێنانن بەلام ئیسلامیەکان تەنیا سەرقالی بە ئیسلام کردنی کۆمەلگاو پڕکردنی مزگەوتەکانن لە نوێژکەر. ئەوان دەیانەوێ سوودمەند بن لە تەکنەلۆژیاکانیان بەلام خۆیان بە دوور گرتوە لە زانستەکانیان وەك بواری فیزیاو بایۆلۆژیاو زۆری کەش و هۆکارەکەشی روونە بۆچی.

20) لە هەرێمی کوردستان 5200 مزگەوت ، 2700 تەکیەو حوجرەو فەقێخانەو خوێندنگەی ئیسلامی تێدایە. چەندین باندو گروپی ئیسلامی سیاسی بیروباوەڕ داعشزمی تێدایەو خاوەنی

هەزاران ئەندام و لایەنگرو دۆستن. بە هەزاران مەلاو بانگخوازو مامۆستای ئاینی و مجێورو قورئانخوێن و فەقێ و خوێندکاری ئاینیی تێدایە. ئەمە هەمووی بە پلەی یەکەم لە ماوەی 23 سال دەسەلاتداریێتی پارتی و یەکێتیدا پەیدا بوون. ئەمە جگە لە سەدان بارەگای حیزبەکانیشیان کە هەمویان لەسەر بودجەی گەل و پارووی هەژاری خەلکیی دروستکراوون و بەرێوە دەچن.

ئیسلامچێتی بووە بە کەرەسەو سەرچاوەی ژیان و پارەو بزنس و تەمەلیی و کار نەکردن. بۆتە رێزو بالادەستی ژمارەیەکی زۆر لە مەلاو مامۆستای ئاینی و بانگخوازو مجێورو فەقێ و کارمەندانی وەزارەتی ئەوقاف و زۆرێکی تری ئیسلامی سیاسی لەنێو کۆمەلگای ئێمەشداو بەم رێگایەوە خۆشگوزەران دەژین. لە هەموو شوێنێکیش خەلکانێکی نەزان و تێنەگەیشتو ، و نەخوێندەوار ، یان کەسانی بەرژەوەند پەرست رێزیان لێدەگرن و گوێڕایەلییان دەکەن ، بێوگومان بۆ ئەوانەی ئیسلام سەرچاوەی ژیان و دەسکەوتیانە بەئاسانی دەست بەرداری نابن. مزگەوتەکانیش بە ناوی نوێژو خوداپەرستی و ئیسلامەتیەوە کراونەتە شوێنی سیاسەت کردن و بە گەوج کردنی گەنجەکانمان. خۆ لەسەر سەکۆی مزگەوتەکان باسی زانست و پێشکەوتنی زانست و گەردووناسی و زانستە کۆمەلایەتیەکان و فیزیاو کیمیاو شۆڕشەکانی کوردو کوردایەتی بۆ مندالان و لاوانی کوردستان ناکرێت. ئەوانە دژی هەوو شتێکی ڕەسەنی کوردەوارین ، دژی جل و بەرگی جوانی ئافرەتانی کوردن ، دژی سروودی نیشتیمانی و ئالای کوردستانن و پێیان وایە ئالای کوردستان کفری تێدایەو پێشنیازی گەوجانە دەکەن الله اکبری عەرەبی لە شوێنی ئەو ڕۆژە بنوسرێت. لەکوێ شتی وا هەیە هەول بدرێت ئالای نەتەوەیەك بە زمان و بە پیتی نەتەوەیەکی دیکە لەسەری بنوسرێت. هەموو ئەوانە بێڕێزی و سوکایەتی کردنە بە پیرۆزیەکان و هێمای نەتەوەیی و نیشتیمانی کورد. ئیسلام هەر بە تەنیا ئاین نیە بەلکو فەرهەنگی عەرەبە. ئەگەر پێغەمبەری موسولمانان ، محەمەدی عەرەب ، عەرەب نەبوایەو کورد بوایە ، قورئانیش بە عەرەبی نەبوایەو بە زمانی کوردی بوایە ، ئایا هیچ عەرەب و تورك و فارسێك ئەو کاتە محەمەدی کوردی و ئیسلامیان بە ئاینی خۆیان پەسەند دەکرد و دەبوون بە موسولمان؟ کورد دەبێت پێش ئەوەی موسولمان بێت کورد بێت و ناسنامەی نەتەوەیی ئەولەویەتی هەیە.




21) ئەگەر ئیسلامیەکان لای خۆشمان دەیانەوێ لەم ولاتەدا خزمەتێك بکەن ئەم خالانەی خوارەوە جێبەجێ بکەن وەك کەمترین شت بۆ ئەم کاتە: دوور بکەونەوە لەوەی بەتایبەت *ڕۆژانی هەینی بە موکەبەرە وتاری مزگەوتەکان بەو دەنگە بەرزە بۆ دەرەوە بگوازرێنەوە چونکە لەلایەك کەسانێك هەن کە ئارەزویان لێی نیەو نەیانەوێ گوێی لێبگرن لە لایەکی ترەوە بێزار کردنی خەلکیی و کەسانی نەخۆش و مندال و پیریشە، ئەوە جگە لەوەی هەینی ڕۆژی پشووە. موکەبەرەکان تەنیا بۆ ناوخۆی هۆلەکان بن بۆ ئەو ئیماندارانەی کە باوەڕیان پێی هەیەو گوێگرتنی تەنیا بۆ ئەوانە بێت بە داخراوی ، هەروەها بەیانیان زوو خەلك بێزار کردن بە بانگ لە دەیان موکەبەرەی مزگەوتەکانەوە بێئەوەی ڕەچاوی ئارامی و خەوی تەندروستی بەیانیان و بیرورای جیاواز بکرێت ، هەموو ئەوانە هیچیتر نین لە دیکتاتۆریەت و سەپاندنی بەزۆری ئاین بەسەر خەلکیدا. بەو جۆرە خەلکی بێزار دەبێت لێیان.



**لە بری مێشك شوشتنەوەیان تەنیا بە یەك ئایدۆلۆجی تەسك فێری بیری نەتەوەیی و زانست و شارستانیەتیان بکەن هەر ئەمانەن لەسایەی ئیسلامە سیاسیەکانەوە دواتر خۆیان لە نێو داعشداو هاوشێوەکانی دەبیننەوە.**

لە هەموو گەڕەکێك مزگەوتێك یان دووان هەن بەلام لە هیچ گەڕەکێك کتێبخانەیەك و شوێنێکی کەلتوری و ڕۆشنبیریی تێدا نیە بۆ دانیشتوانی ئەو گەڕەکە ، هەروەها سەنتەری مردوو شتن بە شێوازێکی شارستانیانە دروست بکرێت و دواتر بە ئوتومبێلی گونجاو بە ڕێزەوە بگوازرێنەوە بۆ ئەو گۆڕستانە بەداخەوە هەڕەمەکی و ناشارستانیانەی لای خۆمان هەن و هەروەها لەو مزگەوتە ناشیرینانە ئەشۆردرێن و زۆرجار دارەمەیتەکان لەسەر دیواری ئاودەستەکان دادەنرێن کە بێرێزیە بە کەسی موسلمان و مرۆڤەکان بە گشتی. لەو هەموو پارەو بودجەو زەکات و پارانەی ولاتە هاوبیرەکانیان وەری دەگرن شوێن بکەنەوە لانی کەم نیوەڕوان نانێکی گەرم بدرێت بە هەژاران و پەککەوتەکانی سەر شەقامەکان. هەموو ئەوانە لە ڕۆژئاوا کەنیسەکان دەیکەن کە موسولمانیش نین .

22) لە یەکێك لە سەرنجەکانی مەلا کامەران خوارەحم لە لاپەرەی فەیس بووکیدا سەبارەت بە فرە ژنی ئاماژەی بە عێراق و سوریا داوە وەك نمونە کە ژمارەی ئافرتان و قەیرە کچ زۆرترەو کێشەکە بەوە چارەسەر دەکات کە پیاوێك ببێتە خاوەنی چەندین ژن لەبری ئەوەی ببنە لەش فرۆش. لە زۆربەی ولاتە ئیسلامیەکان رێژەی ئافرەت بەرامبەر بە پیاو زۆر جیاواز نیەو کەچی شەرع فرە ژنی داناوە بۆ پیاو ، ئەوەش بۆ ئەو پیاوانەیە کە خاوەن پارەو سامانن

بەلام هەژارەکان زۆربەی جار توانای خواستنی تەنیا یەك ژنیشیان نیەو دەبێت ژیانیان لە چاوەڕوانیدا بەسەر بەرن ، بۆ ئەوە دەلێن چی؟ بۆ بەرگری کردن لە فرە ژنی وەك چارەسەرێك بۆ کێشەی ژن ناوبراو ئاماژەی بە رێژەی پیاوان و ژنان داوە بیٚ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەو ئامارێکی دروست ، بۆنمونە نوسیویەتی لە ئەلمانیا 5 ملیۆن ئافرەت زۆرترە وەك لە پیاو ئەوە هەرچەندە رێژەی ژن و پیاو لە هەر جێگایەك بێت خۆ نەنوسراوە دەبێت بۆ ئەبەدو ڕاوەستاو بێت. ئەو ژمارەیەی مامۆستای ناوبراو زۆر هەلەیە ، ڕاستیەکە ئەوەیە بۆنمونە لە ئەلمانیا لە سالی 1991 بۆ 1067 ژن 1000 پیاو هەبوە ، بۆ سالی 2009 بۆ 1040 ژن 1000 پیاو هەبوەو رێژەکە هەر نەگۆڕاوە. ( بروانە ئینتەرنێت ،
www.rp-online.de/panorama/**deutschland**/**in-deutschland**-leben-mehr
ئەی بۆ ئەو کۆمەلگایانە چی دەلێن ئەگەر رێژەی پیاو تێیاندا زۆرتر بێت لە ئافرەت.

23) دوبارە سەبارەت بە پێگەی ژن لە ئیسلام و لە قورئاندا: ( باری کەسێتی و مافەکانی ژنان لە شەریعەو قورئاندا ) لێرەدا بە کورتی ئاماژەیەك بە باری کەسێتی و "مافەکانی" ژن بدەم لە شەریعەو قورئاندا کە ئیسلامیەکان شانازی بە پراکتیزە کردنیەوە دەکەن: لە سورەتی النساء 34 هاتوە: ... "پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر هاوسەرەکانیانەوە ، ئافرەتانی ژیرو دیندارو گونجاو هەمیشە گوێڕایەلی مێردەکانیان دەبن ... ئەو ئافرەتانەش سەرکەشی و سەرپێچی بکەن ... لە ناو جێگادا پشتیان تێبکەن ئەگەر سوودی نەبوو (لێیان بدەن) ... تاد." بەلیٚ پێغەمبەری موسولمانان بەم یاساو شەریعەتە موسولمانانی فێری لێدانی ژن کرد.

سورەی النساء 15: ئەو ئافرەتانەی کە زینا دەکەن ئەوە چوار شایەتیان لە خۆتان لەسەر بگرن جا ئەگەر شایەتییاندا ، ئێوە لە مال بەندیان بکەن تا مردن یەخەیان پێدەگرێت ..." بەلام بۆ پیاو باسی بەندکردن و زیندانیی تێدا نیە ئەگەر هەر خیانەتێکی هاوسەرگیریی بکات.

ئایا ڕاستگۆیی و بێلایەنی ئەو شاهێدانە دەبێت لە کوێدا بێت؟ چارەسەری ئەم دیاردانە پێویستیی بە یاسای مەدەنی و شارستانی و لێکۆلینەوەی یاسایی هەیە (یاسای تەندروست) نەك بەو شێوە هەڕەمەکیەی لەو سورەتانەی قورئاندا هاتوون. تەنانەت ژن بە نیوەی پیاو حیساب دەکرێت لە ئیسلامدا بۆ گەواهی و شایەتیدانیش. ئەوە چ سوکایەتی و ناهەقیەکە بە ژن کراوە لەم ئاینەدا.

لە سورەتێکی تری النساء 24 هاتوە: "پیاوان بەهۆی مال و داراییانەوە بۆیان هەیە هەتا چوار ژن بهێنن و گوناهیش نیە لە کەمکردنەوەی ئەو مارەییەی لەسەری ڕێکەوتبوون ...". لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە پیاوان بە حوکمی پارە دەتوانن بە ناوی شەرع و ئاینی ئیسلامەوە لەگەل چوار ئافرەتدا کاری سێکسی بکەن و بە ئارەزوی خۆیان بەسەریانەوە بنیشنەوە ، کەچی لە سورەتی النساء 40 نوسراوە "بەڕاستی خوا بەقەدەر تۆزقالێك ستەم لە ئادەمیزاد ناکات". لێرەدا عەدالەتیی خودا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. 72 حۆریەکەی ئەو دونیاش هەر بۆ پیاوەو گوایە ژنانی خاوێنیشیان ئەدەنێ و لەوێش هەر پیاو دەمڕاستی ئافرەت دەبێت... لێرەدا ماف تەنها بۆ پیاوەو وەك دەبینین سەرجەم پێغەمبەرانیش هەر پیاو بوون. زۆرێك لە ئافرەتان بەهۆی خراپی باری داراییانەوەو بۆ بژێوی ژیانیان یان خۆیان و مندالەکانیان و باری چەوتی کۆمەلایەتییان بەناچاری خۆیان دەدەنە دەست ئەو جۆرە پیاوانە کە ببنە ژنی دوەم یان سێیەم و چوارەم ...

ئەم دیاردە قێزەونەی لە شەریعەی ئیسلامدا هەیە لە ولاتە دیموکرات و پێشکەوتوەکان بە هۆی دەولەتی سۆشیەل چارەسەر کراوە سیستەمی سۆشیەل و زەمانی کۆمەلایەتی هەیە بۆ دایکان و بۆ بێکاران بە گشتی بە ئافرەتانیشەوە بۆ ئەوەی هیچ مرۆڤێك ، هیچ ئافرەتێك ناچاری برسیەتی و لەش فرۆشی نەبێت ، دیاردەی دەولەتی سۆشیەل کە لە دەولەتە ئیسلامیەکاندا نیە. چ ئافرەتێك بەختەوەرە بەوەی دوچاری ئەو جۆرە چارەنوسە بێتەوەو بە ئارەزووی خۆی ڕەزامەند بێت ببێتە ژنی دوەم ، یان سێیەم ، یان چوارەمی پیاوێك ئەگەر لە ئەنجامی ناعەدالەتی کۆمەلایەتیەوە نەبوبێت. ئایا بۆچوونی پیاوان چۆن دەبێت ئەگەر ئافرەتێك هاوسەرگیری لەگەل چەند پیاوێکدا بکات؟ فرە ژنی لە پایەو کەسایەتی ئەو ئافرەتانەش دێنێتە خوارێ. لە ئایەتی 51 ی سورەتی ئەحزاب هاتوە "... پێویست ناکات بۆ چوونە لای ژنەکانت نۆبە بگریت. هەر کامیانت ویست بچۆ لای و هەر کامیانت نەویست گوێی مەدەرێ. ڕەخنەت لەسەر نیەو ئازادیت و دەسەلاتی تەواوت هەیە لە جێهێشتنیانداو بۆ ئەوانیش هەر بەم شێوەیە باشە. خودا ئاگای لە ئارەزوە ڕەواو ڕاستەقینەکانت هەیە". ئایا خوێندنەوەی ئێوەی ئیسلامی چیە بۆ ئەوە؟

هەروەها لە سورەتی النساء 11 لە میراتدا بەشی نێرینەکان ئەندازەی بەشی دوو مێینەیە. لە دابەش کردنەکانی تری میراتیی ناو ئەندامانی خێزان و خزماندا هەر ئافرەت زەرەرەو مەندە ، تەنانەت مافی کابانی مالیش بە هەند وەرنەگیراوە. هەر ئەوەش لە یەکێك لە سورەتەکانی شەریعە هاتوە "ئەگەر پیاوێك حەز بەوە بکات لەگەل ژنەکەی بچێتە جێگاوەو ئەگەر ژنەکە ڕەتی بکاتەوە ئەوا فریشتەکان لەعنەتی دەکەن ...". ئەوەی کاتی خۆی ئەو سورەتانەی نوسیوە دیارە لە بەرژەوەندی پیاو نوسویەتی. ئافرەت لەم یاسا ئیسلامیەدا نەك تەنیا مرۆڤی پلە سێشە ، هیچی تریش نیە جگە لە ئۆبجەکتێك بە تایبەت بۆ پیاو. هەموو ئەمانە جگە لە بێرێزی و سوکایەتی بە ژن لە ئیسلامداو شکاندنی کەرامەت و باری کەسێتییان هیچیتر نیە. ئەگەر هەموو ئەوانە ئەو "مافانەیە" ئیسلام بۆ کۆمەلگا داوای دەکات هەرگیز ناکرێ مەمنونی ئیسلام بین. لە مەزهەبی شێعەدا وەك مەزهەبێکی سەرەکی نێو ئیسلام سیغە کردن هەیە کە هیچیتر نیە جگە لە شوێنی لەشفرۆشیەکی کراوە.

ئەوە ڕاستە ژن لە ناوچەی دورگەی عەربی بە چاوێکی سووك دەبینراو زیندە بەچال کردنی کچۆلە ببوە ڕەفتارێکی بەربلاو ، ئیسلام توانی ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەك سنوردار بکات ، بەلام ئەوەش ڕاستیەکە کە ژن لای ئیسلام بەسەر چەند ئاڕاستەیەکدا دابەش دەکرا. ژنە کەنیزەکەکان نرخی مرۆڤیان بۆ دانەنرابوو. ژنە بڕوادارەکان بە نیو پیاو دادەنرا ، بەواتا یەك پیاو بەرامبەر دوو ژن کە ئێستەش لە زۆربەی بوارەکاندا لەنێو ئاینی ئیسلامدا پەیڕەو دەکرێت بۆنمونە لە شایەتیدان و میراتدا. ژن لە سعودیە تەنانەت بۆی نیە شۆفێری بکات ، و نەبوونی مافی هەلبژاردن لەوێ و لە چەندین دەولەتی تری ئیسلامیدا یان مافی هەلبژاردن لە کەمێکیاندا بۆ ژنان تەنیا لۆکالیین ، سعودیە ئەو دەولەتەی کە مەرکەزی ئیسلامیەتەو گۆڕی پێغەمبەری موسولمانانی لێیەو سالانە ملیۆنان حەجاجی بۆ دەچێت بۆتە هۆی دەولەمەند بوونی بنەمالە فەرمانڕەواکان و یارمەتیدەری تیرۆر.

24) لە ئیسلامدا سنور بۆ دەولەمەند بوون دانەنراوە ، چینی هەژارو دەولەمەندی تێدا دروستبوە کەچی پێیان دەلێن مرۆڤە هەژارەکە دەبێت ڕازی بێت بەو بەشەی خودا پێیداوە. دەولەمەندە ئیسلامیەکان (ناکرێت ببیتە دەولەمەندێکی گەورە ئەگەر لەسەر حیسابی ئەندامانی ئەو کۆمەلگایە نەبێت) دەیانەوێ لەم دنیاش بیخۆن و بۆ مسۆگەر کردنی ئەو

دونیاش دەیانەوێ بەدوو نوێژو ڕۆژو و کەمێك زەکات خۆیان پاك بکەنەوەو ناخی خۆیان پشوو پێبدەن و خوداش لە خۆیان ڕازی بکەن.

25) سەبارەت بە عەلمانیەت بەردەوام لەم زاراوەیەدا ئیسلامیە سیاسیەکان ئاماژە بە زاراوەی عەلمانی توندڕەو ئەدەن و دەیخەنە ناو خانەی کۆمۆنیزم و ستالینیزمەوە ، من دەکرێ کۆمۆنیست و ستالینییش نەبم ، کەسێکی دیمکراتخواز بم ، لیبەڕال بم ، چەپ بم بەلام عەلمانیش بم ، کێشەکەی ئەوانە لەم شوێنەدا ئەوەیە چونکە عەلمانیەکان داوای جیاکردنەوەی دین ئەکەن لەدەولەت بەلام عەلمانیەت بێ دیموکراسیەتیش لای من نەگونجاوە بەواتا نەمانی دیکتاتۆریەتی حیزب پێویستە بۆ تەواوکردنی عەلمانیەتێکی تەندروست گەرنا جیاوازی نابێت لەگەل توندڕەوی ئیسلامدا چونکە ئەو کاتە هەردوو دەبنە ڕێگر لەبەردەم دیموکراسیەتدا. بیرکردنەوەی ئاینخوازێکی ڕادیکال ، ئیسلامێکی توندڕەوی تۆتالیتێرو دەمارگیر کە وەك فیل تەنیا بە یەك ئاڕاستە سەیر دەکات و لەوە زیاتر هیچیتر نابینێت بۆ من هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەل ستالینیەك و تۆتالیتاریزمێکی ناسیۆنالیستی وەك نازی و بەعس.

26) ئاینی ئیسلام هەمووی بریتیە لە ترس و تۆقاندن و سوتاندن بە ئاگری جەهەنەم و شێوەکانی تری ترسی دەرونیی. لەم ولاتانەی ئێمەدا هەموو شتێك ترسە ، ترس لە هەژاری و نەبوونی ، ترس لە نەخۆشی و خراپی سیستەمی تەندروستی ، ترس لە گەندەلکاران ، ترس لە نەبوونی زەمانی کۆمەلایەتی ، ترس لە جەنگ ، ترس ، ترس... ئاینی ئیسلامیش بەردەوام تووشی ترسی کردوین بە ئەشکەنجەو سوتاندنمان لەو دونیا هەروەك ئەوەی لە ژیانی ئەم دونیاماندا زۆر بەختەوەر بین. خەلکانێك لەبەر بێهیوایی و ناتەبابوونی و نابەختەوەری لە ژیانی ئەم دونیایداو بەهۆی چەندین هۆکارەوە ، هیوایەك ئەدات بەخۆی دل بە ژیانی بەهەشتێك و ئەو دونیا خۆش بکات ، شتێك کە بەقەناعەتی من بوونی هەرگیز نیەو مرۆڤ بۆخۆی کردۆتە ئەفسانەیەکی باوەرپێکراو ، بەهەشت و جەهەنەم هەر ئەوەیە کە لەسەر ئەم زەویە هەیەو هیچیتر. ژیان بۆ ملیاردەها مرۆڤی ئەم سەر زەمینە بۆتە جەهەنەم. ئاین هەندێکجار دەبێتە جۆریك لە ئیدمان بوون. هەربۆیە ئەوانەی کە توانای تێگەیشتنێکی زانستانەو لۆجیکانەیان نیە بۆ دیاردەکە زۆرترین نوێژو عیبادەت دەکەن ، زۆرترین ڕۆژو دەگرن تەنیا بۆئەوەی خودا لە

خۆیان ڕازی بکەن و لانی کەم لەو دونیا بحەسێنەوەو خۆیان داوەتە دەست وەهم و ئەفسانە. ئەوە تراژیدیە. کەواتە دیاردەکە لێرەدا دەرونی و قەیرانی ڕۆحیی و کێشە کۆمەلایەتیەکانی مرۆڤەکانە ، ئەو کاتەش کە کێشە ڕۆحیەکانی لە نێو ئەو کۆمەلگایەدا چارەسەر نابن زۆرانێك پەنا دەبەنە بەر خالقێك و لە ناخی خۆیاندا لەگەلی ئەدوێن و لێی دەپارێنەوەو خۆیان دەکەنە کۆیلەی ئەو ، بەم شێوەیە ئارامیەکی دەرونی ئەدەن بەخۆیان ، هەربۆیە ئەوە مرۆڤ خۆیەتی لەسەر شێوەی خۆی خوادیەکی بۆخۆی دروستکردوە نەك بە پێچەوانەوە. ئەم دیاردەیە لە ڕاستیداو لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە ئاینەوە نیە بەلکو زۆرتر بە قەیرانە دەرونی و کۆمەلایەتی و ڕۆحیەکانەوە هەیەو زۆرجاریش ئاین دەبێتە جۆرێك لە ئایدیۆلۆژیا لە مێشکی مرۆڤەکاندا. بۆ لێنەسەندنەوەی ئەو ئارامیە ڕۆحی و دەرونیە ئەوانە چاو، و گوێی خۆیان لەبەردەم شیکردنەوەی ڕاستیەکان دادەخەن و پێی دەژین بەلام دەرئەنجامەکانیشی سەلبیە.

بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردانە لێرەدا دەبێت دەولەت شوێنی چارەسەرە دەرونی و ڕۆحیەکان پێکبهێنێت ، هەروەها بەرنامەی ئابوری عادیلانەی هەبێت و کار لەسەر کەمکردنەوەی هەژاری بکات ، سیستەمی کۆمەلایەتی تەندروستی هەبێت و گەلەگەی تەندروست پەروەردە بکات و ...تاد. بەشێکی گەورەی موسولمانان عەرەبی نەزانن یان نەخوێندەوارن و لە ناوەڕۆکی ئەو زمانە قورسەی قورئان تێناگەن کەچی دەشبێت بەو زمانە نوێژ بکەن و گوێ لە قورئان بگرن. ئیسلامیە سیاسیەکان سوودیان لە هەموو ئەم قەیران و تراژیدیا مرۆڤیانە وەرگرتوە بۆ ڕاکێشانیان بەلای ئایندا ، سودیان لە نەخوێندەواری و دواکەوتویی و ساویلکەیی مرۆڤەکان وەرگرتوە بۆ ئامانجێکی سیاسی و تەسك.

27) کۆیلە بوون بۆ خودایەك کە مرۆڤەکانی خۆی بەو دڕندەییە دروستکردوەو ئەو هەموو غەدرە بەبەرچاوی ئەوەوە دەکرێت و بێدەنگیشە لێی. هەتا ئێستە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تەنیا زولموزۆر سەرکەوتو بووە. بۆچی خودا مرۆڤەکانی بە باشی دروست نەکرد؟ بۆچی شەڕو خراپەی نایە دل و دەروونی خەلك؟ بۆچی ڕێگایدا کورد ئەنفال بکرێت لەگەل ئەوەشدا کورد موسلمانە ئیتر چ پێویستیەکی بە ناردنی پێغەمبەر بووە؟ خۆ ئەگەر هەموو شتێك وەك ئاین

ئاماژەی پێئەدات لە چارەنووسی مرۆڤەکان نوسرابێت کەواتە بۆچی مرۆڤەکان کە لە شەقامێکدا دەپەڕنەوە دەڕواننە ڕاست و چەپی خۆیان نەوەك ئوتومۆبیلێك بیکات بە ژێرەوە. ئەگەر خودا مرۆڤ و ژیانی تەنیا لەسەر زەوی دروستکردبێت چیتر چ پێویستیەك بە دروستکردنی بلیۆن ئەستێرەی تر دەکات؟ هەتا ئێستە هیچ بەلگەیەکی زانستی نیە بۆ بوونی خوادیەك ، بەلکو ئەوە یاساکانی فیزیایە وەلامی دروستبوونی کەون ئەداتەوە ، ئەوە زانستی بایۆلۆژیایە وەلامی دروستبوونی زیندەوەر ئەداتەوە لەسەر زەوی ، تیۆریە زانستیەکان بەردەوام سەرقالی لێکۆلینەوەن تێیدا بەلام دوور لە وەهمی ئاین، بەلام ئاین توانای ململانێی ئەم زانستانەی نیەو ناشیەوێ خۆی لە قەرەشی بدات.

28) لەو گەشتانەی خۆمدا کە بۆ ولاتانێکی زۆری ئەمریکای لاتین و ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستم کردوە تیبینی ئەوەم کردوە ئاین بە پلەی یەکەم لە ولات و کۆمەلگا هەژارو دواکەوتوەکان و کشتوکالیەکاندا زۆرترەو بە تینترە کە ڕۆشنبیری و هوشیاری کۆمەلایەتی تێیاندا کزولاوازە.

29) من هاورێیەتیم لەگەل هیچ ئاینێکدا نیەو پێویستیشم پێی نیە ، ئەوەش لە تێڕوانینێکی فەلسەفی و زانستی و مەنتقەوە سەرچاوەی گرتوە. من دەکرێ ئایندارو موسولمان نەبم و پێڕەوی پرەنسیپە ئەخلاقیەکانی ژیانیش بکەم باشتر لە دیندارێك. تێڕوانینە فەلسەفیەکان بۆ ئەخلاق وەك یەك نیە. من ئەم ئازادیە ئەدەم بەخۆم و ئەوەش ئەدەم بە کەسانی تر ئازادانە پیادەی ئاینەکەی خۆیان بکەن بەلام دژ بە هەموو توندوتیژی و ڕەفتارو فکرێکی تۆتالیتاریم ئیتر چەپ بێت ، یان ڕاست ، یان ئاینی بێت. قەناعەتیشم وایە مرۆڤایەتی بە ئەزمونەکانی خۆیدا دەڕوات تا دەگاتە ئەو باوەڕەی کام لە سیستەمە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان باشترین و گونجاوترینە بۆی.

30) لە کۆتایدا دەمەوێ بە ئیسلامە سیاسیەکان بلێم هەول بدەن شۆڕشێکی فکری لە خۆتاندا بکەن و وەرنە سەر ڕێگای ڕاست ، ڕێگای سیڕاتی موستەقیم و عەلمانیەت و پێشکەوتن و شارستانیەت و دیموکراسیەت و فکری کۆمەلگای مەدەنی و فرەیی و ئازادی تاك ... سوودیش لە یاسا نوێکەی کانتۆنی جەزیرەش وەربگرن بۆ یەکسانی.

**(پ. ی. د. سالار باسیره ، پسپۆر لە بواری زانستە سیاسیەکاندا)**

---

**سەرنج:** بۆ ئەم نوسینە سوودم لە کتێبەکەی عەلی دەشتی بینیوە ، 23 سال پێغەمبەریی ، وەرگێڕانی، ئاکۆ مەحمود. هەروەها بۆ سورەتەکانی النساء بڕوانە تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان.

dr.salarbasira@hotmail.com